بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرکەماری ئێران وردکاریی کۆتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی رێئیسی ئاشکرا دەکات

غولام حسێن ئیسماعیلی، بەڕێوەبەری نووسینگەی ئیبراهیم رێئیسی، سەرکەکماری ئێران وردکاریی کۆتنەخوارەوەی ئەو هەلیکۆپتەرە ئاشکرا دەکات کە سەرکەکمار و چەند بەرپرسەکی دیکەی ئێرانی تێدا بوو.

ئیسماعیلی لە چاوپێکەوتنەکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی فەرمی ئێران ئاماژە بەوە دەکات، "دوای کردنەوەی بەندەوی قیز قەڵەسی کە بەهاوبەشی لەگەڵ وەاتی ئازربایجان دروستکراوە، لە کێشوەهوایەکی رووندا بەرەو شاری تەبرێز بەرێکەوتین، بەڵام لە ناوەڕاستی رێگاکەدا کێشوەهوا تێکچوو، لە ئاسماندا روبەڕووی هەورێکی چڕ بووینەوە".

دەشێت، "فەرماندەی ئەو هەلیکۆپتەرەی سەرکەکماری هەڵگرتبوو فەرمانیدا، ئاستی فڕینی فڕۆکەکە زیاتر بەرز بکرێتەوە".

غولام حوسێن ئیسماعیلی لەسەر گۆڕانەوەی رووداوەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت، "دوای بەرزکردنەوەی

ئاستی فینکۆ، ئیتر ئەم پێوەندیی تەلەفۆنیمان لەگەڵ رادیۆی هەلیکۆپتەرەکەی سەرکەکمار، وەزیری دەرەوە، ئیمام جومعەی تەبریز و پارێزگاری تەبریز نەما و هیچ وەڵامکمان لەوەرنەگرتن".

بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرکەکماری ئێران لە چاوپێکەوتنکیدا، زانیاریی زیاتر دەخاتەوو و دەڵێت، "پاش ماوەیەک ئێندامانی تیمی فەکەکەی ئەم رایانگەیاند، کە پێوەندییان بە مەبایلی کاپتن مستەفاوی فەکەکەوانی فەکەکەی سەرکەکمار کردووە، بەڵام لەجیاتی کاپتن مستەفاوی ئایتۆلا هاشمی وەڵامیدایەوە گوتویەتی، من باش نیم و کەوتینە ناو دەڕکەوە".

ئیسماعیلی دەشەت، "پاشان تەلەفنم بە سەید هاشمی کرد و لێم پرسی لێکۆیت؟ وەڵامیدایەوە و گوتی، نازانم لە کوێم بەڵام ئەوێندە دەزانم لێنەو درەختەکاندام، پاشان لێم پرسی ئەوانی دیکە چۆنن دەیانبینیت؟ بەڵێز هاشمی گوتی من هیچ کەسێک نابینم و بە تەنیام، نازانم چی ڕوویداوە و کەس لە دەوروبەرم نییە".

بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرکەکمار ڕوونیکردەوە، "لەوکاتەدا یەکسەر بەمان ڕوونبووەوە کە هەلیکۆپتەرەکەی بەڕێز ڕئیسی تووشی ڕووداو بووە و بەیاری بەهاناوەچوونی سەرکەکمار و یاوەرانیماندا و دەستمان بە ئۆپراسیۆنی ڕزگارکردن و فریاکەوتن کرد.

لەکتایی قسەکانیدا غولام حوسێن ئیسماعیلی دەڵێت، "دواتر بەمان دەرکەوت سەرنشینانی هەلیکۆپتەرەکە لەگەڵ کەوتنخوارەوەیدا گیانیانلەدەستداوە و شەهیدبوون".